# دەزگای ئاسایش یان دەزگای سەرکوتگەر؟

حەمە ڕەشید

دەزگای ئاسایش لە کوردستان پێك هاتوە لە کەسانێکی دڕندە, وەڕێز لە هیچ کەسێك ناگرن تەنها لە ئاغاکانیان نەبێت .کاری ئەمانە تەنها هەڕەشەو تۆقاندنو سەرکوت کردنی کەسانێکن کە نارەزایاتی دەردەبرن بە دەسەلات یان گۆرینی یاسایاك بکەن لە دەسەلات.ئەمانە پەروەردەی کەسانێکن تەنها بەرژەوەندی خۆیان بۆ گرنگە نەك ئاسایش و ئارامی خەلکی کوردستان.

لەرۆژی 8-1-2005 کاتێك خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی سادەترین داواکاریان ئەبێت لە دەسەلات ئەویش داوا کردنی (ئاو) بوو بۆیان,هەر وەکو چۆن کورانی ئاسایش وەك کاری هەمیشەییان لە جیاتی ئاسایشی خۆپیشاندانەکە بپارێزن تەقە بەسەریانەوە ئەکەن و هەرەشەیان لێ ئەکەن .

وە لەرۆژی 2-2-2005 مەفرەزەیەك لەم دەزگایە کە ناوی دەزگای ئاسایشی کوردستانە موقەدەمێکیان لەگەلْدا دەبێت هێرش دەکەنە سەر مەفرەزەیەکی هاتو چۆ گوناحی ئەم مەفرەزەیە ئەوە ئەبێت کە یەکێك لە پۆلیسی هاتوچۆ ئیشارەتێك بۆ ئەو موقەدەمەی ئاسایش دەکات لە کاتی ئۆتۆمبێل لێخۆریندا ئەو مۆبایلی تەلەفونە لە بەرێت .

ئەمانە هەمان کەلتوری پیاوانی گۆر بەگۆری بەعسە تا ئێستا بە زیندوی ماوەتەوە لە ناو دەزگای سەرکوتگەری کوردستان.